# كۆرياى باشوور و گەشتێك بۆ وولاَتى سير خۆرەكان

خاليد قادر _ هێڤار





كە پێ دەنێيتە وولاَتى كۆرياى باشورەوە، شاخ و گرد و پێدەشتە سەوزەكانى زۆر بە جوانيەوە سەرنجت رادەكێشن ، سروشتى ئەم وولاَتە لە پانتاييەكى دلگيرو كراوەدا دەردەكەوێت، خاوەنى كەش و هەوايەكى لە بارە، تێيدا هەر چوار وەرزەكەى ساڵ بە خۆوە دەگرێت. لە رووى جوگرافيەوە كۆرياى باشوور دەكەوێتە باشوورى خۆرهەلاَتى ئاسيا لە نێوان دەرياى زەرد لە رۆژئاواو دەرياى يابان لە رۆژهەلاَتيدايە، چين و روسيا دەكەونە رۆژهەلاَتىو كۆرياى باكور لە باكوريەتى، رووبەرەكەى ٩٩٣٩٢ كم ٢ و پێك دێت لە ( ١٦ ) شار و پايتەختەكەى ناوى (سيئۆل )ە و دانيشتوانى ٤٨ مليۆن كەسە رەگەزى نێريان لە رەگەزى مێ زياترە بە رێژەى ١٠٥ پياو بەرامبەر ١٠٠ ئافرەت .

دوو رووبارى گەورە بە ناوى ( ناك دونغ كانغ ) كە درێژيەكەى (٥٢٥ كم ) و رووبارى (هان كانغ ) كە درێژى (٥١٤ كم ) و بە پايتەختى ئەو وولاَتەدا رەت دەبن سيمايەكى گەلێ جوانى بەو شارە بەخشيوە ، پردێكى گەورەى هەلۆاسراو كە بە ٢٨ پايەى گەورەوە بەندە، دوو بەشى گەورەى پايتەخت بە يەكەوە گرێ دەدات، كە سيماى ئەو پەرى پێشكەوتنى پێوە ديارە، هەروەها چوار كۆشكى شاهانەى گەورە كە مێژوويان دەگەرێتەوە بۆ فەرمانرەوايى (( تشوە سون )) (١٣٩٢-١٩١٠ ) بە هونەرێكى بەرزى بيناسازيى و نەخشى سەر ديوار و كارى هونەرى هەمەچەشنە دروست كراون، ديرۆكى ئەو وولاَتە دە گێرنەوە .

خەلَكى كۆريا زۆربەيان چاوو لوتيان بچوكە .، هەلگرى سيما و ئەدگارێكى تايبەت بە خۆيانن، لەهەلَسوكەوتدا هێمنن و لە زۆربەى كات دەم بە خەندەن، كەسانێكى بەرێز و ميوان دۆستن بە روخۆشيەوە سلاَوت لێ دەكەن، حەزيان لە سير و خواردنى تيژە، بۆنى سير لە زۆربەى شتەكانى ئەو وولاَتە دێت. لە رووى كۆمەلاَيەتيەوە سۆز و پەيوەنديەكى توندو تۆلَيان لە ناو خۆياندا هەيە ، گەلێكى ئازادن و تا شەو درەنگان گەنجانى كور و كچ بە يەكەوە دەبينرێن ، بۆنى عەشق و ئەوين لەو وولاَتە دێتو پاكيزەييەك لە روخساريەندا دەبينرێت ، دروست كردنى خێزان كەمترين بارقورسى هەيەو دەولَەت هەموو خۆشگوزەرانيەكانى دابين كردوە، خەلَكيش هاوكارى دەولَەت دەكەن ، هەستى نەتەوايەتيان بەرزە، سيستەمى ديموكراسى و كۆمەلَى مەدەنى تا رادەيەكى باش شۆرِ بۆتەوە بۆ ناو ژيانى خەلَك و موتوربە كراوە ، شاز ترين شتێك لەو وولاَتەدا ئەوەيە كە پێيەكى هەميشە لە رۆژهەلاَى ناوەراستە بەو واتايەى كە گەلێكى رۆژهەلاَتين و پەيوەستن بە بنەما كەلتووريەكانيانەوە ، پێيەكى تريشيان لە رۆژئاوايە بەو واتايەى كە گەلێكى ديموكراسين و گرنگى بە بنەماكانى ئازادى دەدەن . هەروەها خاوەن شارستانيەتێكى گەورە و لە مێژينەن ، چەندان پاشماوەى مێژوويى لەو وولاَتەدا هەيە. خەلَكى كۆريا بە رەچەلَەك مەنغۆلين و زۆر گرنگى بە هونەر و فۆلكلۆرو كەلەپوورى نەتەوەكەيان دەدەن، وولاَتەكەيان خۆشدەوێت و خاوەن فەرهەنگێكى گەورەن. لەرووى ئاينيەوە چەندان ئايينى جيا جيا لەو وولاَتەدا هەيە وەك ئايينى بوزايىو كۆنفشيۆسى و شمانى و مەسيحى ( كاتۆليك و پرۆتستانت ) و ئاينى ئيسلام بەلاَم ئاينى بوزى و كونفشيۆسى و مەسيحى زۆرترين رێژەى خەلَكى كۆريا پێك دێنن . بەلاَم ئاين مەسەلەيەكى تاكە كەسيە و دەولَەتێكى سكۆلار وولاَت بەرێوە دەبات .

کۆریای باشوور لە ٢٠٪ خاکەکەی زەوی کشتوکاڵیە و خەڵکەکەی زۆر گرنگی بە پیشەسازی و تەکنەلۆجیا دەدەن، لەسەر ئاستی جیهان پلەی دووەمیان لە دروست کردنی کەشتیدا هەیە، پلەی چوارەم لەپیشەسازی رستن ، و چنین و پلەی پێنجەم لە دروست کردنی ئۆتۆمبیلدا ، هەروەها خاوەنی چەندان کۆمپانیای گەورەی نێودەوڵەتین و بە یەکێك لە وولاتە پێشکەوتوەکانی جیهان دادەنرێت.






لە رووی مێژووییەوە وولاتی کۆریا شوێنگەیەکی گرنگی هەبوە و دەرگای بۆ بازرگانی گەلێ لە ولاتان لەسەر پشت بووە، بۆیە لە ساڵی ١٨٩٤ لە لایەن چین و یابانەوە داگیر کراوە لە ساڵی ١٩٠٥ چین لێیکشاوەتەوە ، لە ساڵی ١٩١٠ لە لایەن یابانیەکانەوە بە تەواوی داگیر کراوە و دەسەلاتی شاهانەی ئەو وولاتە وێران کراوە و زۆربەی شوێن و پاشماوە گرنگەکانی سوتێنراون و کراوەتە هەرێمێکی یابانی ، تا کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم و لە ساڵی ١٩٤٥ لە لایەن هاوپەیمانانەوە ئازد کراوە ، لە ساڵی ١٩٤٨ و لە ئەنجامی جەنگی سارد و ململانێی سیاسیەکانی ئەو کاتە لە نێوان هەردوو بلۆکی سۆشیالیستی و سەرمایەداریدا ، کۆریا بەسەر دوو بەشدا دابەش کرد ، کۆریای باکوور حکومەتێکی شوعی دامەزراند  کە لە لایەن چین و یەکێتی سۆڤیەتی ئەو کاتەوە پاڵپشتی دەکرا ، کۆریای باشوریش لە لایەن ئەمەریکاوە پشتیوانی لێدکرا . لە ١٩٤٨/٨/٦ لە لایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە دان بە دەسەلاتی یاسایی کۆریای باشووردا نرا ، لە هەڵبژاردنێکیشدا ( سیجمان ری ) بە سەرۆك کۆماری ئەو بەشە هەڵبژێردرا ، لە ساڵی ١٩٥٠ شەڕێکی خوێناوی لە نێوان هەردوو بەشی باکوور و باشوور دەستی پێکرد ، لە ساڵی ١٩٥٣ کۆتایی بەشەڕەکە هێنرا .

کۆریای باشور لە هەژارترین وولاتانی دنیا بوو ، دوای چەندین شەڕی خوێناوی و داگیرکاری یابانیەکان ، وولاتێکی خاپوور و وێرانیان بۆ بەجێ مابوو ، گەندەڵی حکومەت و دەسەلاتی ( سیگمان ری ) ، بە تایبەتیش کاتێك ،لە ساڵی ١٩٥٦ بۆ ١٩٦٠ دووبارە هەڵبژێردرایەوە ، بووە هۆی بەرپا بوونی شۆڕشێکی نیشتیمانی و بەرز بوونەوەی دەنگی نارەزایی ، رەوتی نارەزایی و خۆپیشاندانەکان بەردەوام بوون ، تا دوای ساڵی هەشتاکان باهۆزێکی دیموکراسی وولاتی گرتەوە، کۆریای باشوور گەشەیەکی خێرای بە خۆیەوە بینی ، تەکنەلۆجیا و بەکارهێنانی تەکنەلۆجی ، کۆریای بەرەو وولاتە پێشکەوتوەکانی دنیا برد .
تەنانەت کۆریای باشوور سوودی لە داگیرکاری یابان ١٩١٠ بۆ ١٩٤٥ وەرگرت، لە بواری تەنکەلۆجی و پیشەسازی و کشتوکاڵی برنجدا ، هەروەها لە ئەمریکا لە ساڵی ١٩٤٥ بۆ ١٩٤٩ کە پاڵپشتی سەربازی و ئابووری ئەو وولاتە بوو، بە تایبەتیش لە ململانێکانی شەری ساردی ئەو وولاتە ١٩٥٠ بۆ ١٩٦١ ، تاکو ئێستاش سوودێکی گەورە لە هاوپەیمانیەتی ئەمەریکا دەبینێت و بۆ بەرژەوەندی گەشەکردنی وولاتەکەی بەکاری دێنێ ، بۆیە هەر لە جەنگی ڤێتنامەوە کە بە ٥٠٠٠٠ هەزار سەرباز بەشداری کرد تا پرۆسەی رزگاری عیراق و دوای روخانی رژێمی بەعس بە تیپی زەیتون، کە یەکێکە لە تیپە سەربازیە گەورەکانی کۆریای باشور ، بەشداری پرۆسەکەی کرد و تا ئێستاش لە هەولێر جێگیرن .






## ڕەوشی گەنجان لە وولاتی کۆریا :

گەنجان لە وولاتی کۆریا بریتین لە وانەی کە تەمەنیان دەکەوێتە نێوان ٩ بۆ ٢٤ ساڵ ،پێچەوانەی یابان کە هەر لە سەرەتای لە دایك بونەوە تا تەمەنی٢٣ ساڵی بە گەنج دادەنرێن، یان لە ڤێتنام کە لە ١٦ بۆ ٣٠ ساڵ بە گەنج دادەنرێت، لە کۆریای باشوور، گەنجان ٪٢٣ دانیشتوان پێك دێنن و بریتین لە ١١ ملیۆن گەنج، ڕێژەی کوڕو کچ لەناو توێژی گەنجاندا هاوسەنگە، بەڵام کێشەیەکیان هەیە، کە ڕێژەی گەنج لە چاو دەیەکانی کۆتایی سەدەی ڕابردوو، بەرەو کەمی دەڕوات ، لە ساڵانی ٦٤ تا ساڵی ٨٠ سەدەی بیستەم ، ڕێژەی گەنجان لە ٪٣١ بۆ ٣٦ زیادی کردوە، بەڵام لەو ساوە ڕێژەی گەنج کەمتر بوە بۆ ٪٢٣ ، چونکە خەڵك ئارەزووی منداڵ بوون کەمتر دەکەن ، بۆیە دەوڵەت ئێستا کار لەسەر یاساو بەرنامەیەکی نوێ دەکات، بۆ ئەوەی ڕێژەی گەنجان زیاتر بکات ، خەڵاتیش دەداتە ئەو کەسانەی کە لە ٢ منداڵ زیاتریان ببێت . کار لە کۆریا لەسەرووی ١٤ ساڵیەوەیە ، لە ٩ بۆ ١٣ بۆی هەیە نیوە کار وەرگرێت، بڕواشیان بە قۆناغی مراهق هەرزەکاری نیە .

گەنجان لەو وولاتەدا تا ساڵی ١٩٨٠ لە بارودۆخێکی زۆر خەراپ و ناهەمواردا دەژیان ، تا ئەو ساڵە لە تەواوی کۆریادا تەنها یەك فەرمانبەری حکومی هەبوو، کە کاری بۆ گەنجان دەکرد و ناوی( پارك ئۆك شیك) بوە ، ئێستا بەڕێوەبەری سەنتەری چالاکی گەنجانی نێونەتەوەیی کۆریایە ، بەڵام لە دوای ساڵی هەشتاکانەوە پەرە بە یاسایەك دراوە بۆ گەشەکردن و پێشخستنی لاوان، گە ڕەنگدانەوەیەکی باشی بەسەر گەشەی کۆمەڵگای کۆری جێهێشتوە، گەنجانی ئەو وولاتەش لە دوای ئەو گۆڕانەوە وەك توێژێکی زیندووی خاوەن و گووتار و داهێنان ، ڕۆڵێکی دیار دەگێڕن لە پێشخستنی کۆمەڵی کۆری ،بەشداریەکی باشیشیان لە داڕشتنی سیاسەتی دەوڵەتدا هەیە و بەشێکی زیندوون لە دەرخستنی کەلتووری دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی .

ئێستا لە کۆریای باشووردا کۆمیسۆنی باڵای گەنجان و پەیمانگای پێشخستنی لاوان و زیاتر لە ٧٠٠ سەنتەری گەنجان و ٢٠٠٠ سەنتەری ڕۆشنبیری و چەندین خانە و سەنتەری هونەری و ڕۆشنبیری و زانستی و کەلتووری هەن، کە کار لەسەر گەشەپێدانی توێژی گەنجان دەکەن .





لە وولاتی کۆریای باشوور ، گرنگیەکی زۆر بە خوێندگەو قوتابخانە و پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دەدرێت، بە شێوەیەك کە لە لایەن وەزارەتی پەروەردە و مرۆڤایەتیەوە ، سەرپەرشتی دەکرێت. چەندین پەیمانگای تایبەتیشیان هەیە بۆ داڕشتنی یاسای گەنجان و دانان و گۆڕینی مەنهەجی پەروەردە ، هەروەها وەزارەتی گەشت و گوزار بەردەوام گەشت بۆ قوتابخانەکان ساز دەدات ، کارئاسانیان بۆ دەکات بۆ گۆڕینەوەی زانیاری و چالاکی هاوبەشی نێوان گەنجان، سەنتەرەکانی چالاکی گەنجانیش ، وەك بەشی دووەمی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن ، بە شێوازێکی زانستی گرنگی بە خەون و بەهرەی گەنجان دەدەن و گەشە بە توانایان دەدەن .

سەنتەرەکانی گەنجانی ئەو وولاتە ، لە پانتایەکی گەورە پێك دێن و هەموو پێداویستیەکانیان بۆ دابین کراوە ،دەوڵەت بە هەموو شێوەکان ، هاوکاری و پشتیوانیان دەکات ، بە نمونە سەنتەری چالاکی گەنجانی نێونەتەوەیی ، لە چۆنان ، کەلە ساڵی ٢٠٠١ دروست کراوە و بە خۆشترین شوێنێك دوای بەهەشت دەناسرێت، ئەم سەنتەرە وەك شارێکی تایبەتی گەنجان بینا کراوە ، دەیان ( هۆڵی گەورە و یاریگا و ئەسپ سواری و تیرو کەوان و ماتۆرسواری و یاریگای تایبەتی یاری تلیمانج و ئۆتێل و شوێنی خەوتن و چێشتخانە ) و چەندان بەشی هەمەجۆری لێیە ، لە بوارەکانی هونەری و کەلتووری و زانستی و ڕۆشنبیری،

گەشە بە تواناى گەنجەكان دەدەن . لاى كۆريەكان ( شوێن ، پرۆگرام ، سەرۆك ) زۆر گرنگە تا رادەى ئەوەى كە هەموو كەسێك ناتوانێت سەركردايەتى تيمەكانى گەنجان، يان سەنتەرەكانى گەنجان بكات ، بە بێ تاقى كردنەوە و رێگە پێدانى دەوڵەت، يان كومسيۆنەكانى گەنجان نەبێت ، لەگەڵ ئەوەش گرنگى بە تيم و گروپەكانى گەنجان دەدەن، هەروەها ئەو خوێندكارانەى كە لە قوتابخانەكان سەركەوتوو نەبن ، سەنتەرەكانى گەنجان دەيانگرنە خۆيان و لە رێگاى يارييە سەرچڵيەكانەوە، يان بەشە لێك جياوازەكانى گەنجانەوە ، تواناكانيان دەبزوێنن و گەشە بە خەون و بەهرەيان دەدەن .

دەيان پەيمانگا و سەنتەرى جيا جيا لە رێگاى خەڵكانى پسپۆڕەوە كار لەسەر دۆزينەوەى گرفتەكانى گەنجان دەكەن و پلانى چارەسەر دادەرێژن و گەشە بە تواناى گەنجان دەدەن . بە نمونە

١- كۆميسۆنى باڵاى گەنجان لە ٢٠٠٥/٤/٢٧ دامەزراوە ، و زياتر لە ٧٢٢ سەنتەر و ناوەندى گەنجان بەرێوە دەبات ، بەرپرسيارە لە هەمو ئەو ياسايانەى كە پارێزگارى لە گەنجان دەكات ، هەروەها كار دەكات بۆ گەشە پێدانى بەهرەى لاوان و بەشداريان لە نەخشى سياسى دەوڵەت و دروست كردنى شتى واقيع بۆ گەنج دوور لە وەهم و خەياڵات، سەرەكيترين شتێك لەو سەنتەرە ، شكانى ووشەى ئيحتيرام و دەسەڵاتى باوكە لە فەرمان دەركردنەوە بۆ گوێگرتن و گفتوگۆ .

٢- پەيمانگاى پێشخستنى تواناى گەنجان كە لە ١٩٨٩/٧/١ دامەزراوە ، ئەو پەيمانگايە لە رێگاى خەڵكانى پسپۆڕەوە ، بەردەوام دێتە ناو شەقام و گرفت و كێشەكانى گەنج دەدۆزێتەوە و پلانى چارەسەر دادەرێژێت ، پێشنيارى نوێ بۆ دەوڵەت و سەنتەرەكانى گەنجان ئاراستە دەكات و هانى گەنجان دەدات بۆ بەدەست هێنانى خەون و بەهرەيان .

٣- سەنتەرى كەلتوورى كۆرى كە ناسراوە بە ( ميزى) ميزى ووشەيەكى چينيە و بە واتاى( جيهانى نەناسراو) دێت ، لە ساڵى ٢٠٠٠ دامەزراوە، ئەو سەنتەرە لە لايەن حكومەت و رێكخراوى يونسكۆ هاوكارى دەكرێت و ساڵانە وێراى كارو چالاكيە هەمەجۆرەكانى لە بوارى ناوازەدا ، نزيكەى ٢٠ ريكخراو لە ووڵاتانەوە بانگهێشت دەكا بۆ كۆريا ، بەمەبەستى گۆرينەى چالاكى گەنجان و ئاڵوگۆڕى كەلتوورى، هەروەها رێكخستنى سەردانى تيمەكانى گەنجانى كۆريا بۆ دەرەوە ، لەگەڵ سازدانى ديالۆگى ئينتەرنێتى لە نێوان گەنجانى ووڵاتى كۆريا و ووڵاتانى تر . ئەمە جگە لە راهێنان و نمايش كردنى چالاكيەكانى گەنجان بە چەندين بەشى لێك جيا جياوە . ئەم سەنتەرە ناسراوە بە سەنتەرى لە گەنجەوە بۆ گەنج كە يە كێكە لە پێشكەوتوترين سەنتەرەكانى گەنجان

٤- خانەى گەنجان تايبەتە بۆ ئەو گەنجانەى كە لە ماڵەوە نامێنن و بێ سەرپەرشتن .

٥- سەنتەرى پێشخستنى بەرزكردنەوەى ئاستى لاوان ، گرنگى دەدات بە رۆشنبيرى و زانستى و هاندانى گەنجان بۆ خۆشويستنى نيشتيمان و هەستى نەتەوايەتى.

لەگەڵ ٢٠٠٠ سەنتەرى رۆشنبيرى و چەندان و سەنتەر و ناوەندى ترى گەنجان ، لە بوارى دەوڵەتيشدا هەموو شارێك لە رێگاى پارێزگارەكەيەوە پێويستە سەنتەرێكى گەورەى گەنجانى هەبێت بۆ ئەوەى گەنجان بتوانن گەشە بە تواناو بەهرەو خەونەكانيان بدەن .

سەرەكيترين خاڵ لە لايەن كۆريەكان بۆ مەسەلەى گەنجان بريتيە لە ( هاندان ) ئەوان بەردەوام يەكترى هان دەدەن و پشتگيرى يەكتر دەكەن بۆ وەدى هێنانى خواستەكانى ژيانيان .






## سەمای باوەشێن :

کۆریەکان دەڵێن ( ئەوەی سەمای باوەشێن نەبینێت تەمەنی خەسارە ) ، مەبەستیان لە دەربڕینی ئەو قسەیە ،دەرخستنی ئەو هونەرە بەرزەی فۆلکلۆری کۆرییە، کە بە( روحی کچی کۆریا ) ناسراوە و تێیدا بە شێوازێکی هونەری بەرزی سەماکردن و تەکنیکێکی سەراسیمەی بەکارهێنانی باوەشێنێکی رەنگینی ناسك ، کە بە دەستی کچەکانیانەوەیە ، نمایشێکی گەڵ جوانی پێ نیشان دەدەن، کە جەستە تێیدا تا ئەوپەری ئازاد دەبێت ، لەگەڵیشدا مۆزیکێکی نەرم ، کە بە ئامێرە تایبەتیەکانی فۆلکلۆری کۆری دەژەنرێت ، تێکەڵی سەماکەیان دەبێت ، ئەو هونەر و نمایشە لای کۆریەکان، گەڵ پیرۆزە بەو رادەیەی کە تێکەڵی روحیان بووە ، بۆیە لە رێگای چەندین سەنتەری تایبەتی کەلتووری و فەرهەنگیەوە، گرنگی بەو سەمایە دەدەن و لە هەموو بۆنەو یادە نیشتیمانیەکانیان نمایشی دەکەن .





## مۆزەخانەی کەلەپووری کۆریا

کە بە شارەکانی کۆریای باشوردا رەت دەبیت، زۆر بە دەگمەن خانوە کۆنەکانی خەڵکی کۆریا دەبینیت کە هەڵگری نەخش و سیما و هونەرێکی بیناسازی تایبەت بە خۆیانن و چونکە ئێستا ئەو وولاتە تەواوی ئاپەرتمان و کۆشکی گەورە یە ئەو خانوە کۆنانەی کەمتر لێ‌دەبینرێت .

جگە لە شارێك نەبێت بەناوی ( کوینگ چون ) کە شارێکە دێرینە و پاشماوەی کۆنترین پەرستگای بودا و سەرە پەیکەرێکی پادشایەکی لێ دۆزراوەتەوە کە ١٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا فەرمانڕەوایی ئەو ناوچەیی کردوە بە ناوچەی ( شیلا ) ناسراوە ، بەڵام خۆشەویستیان بۆ کەلەپووری گەلەکەیان بە رادەیەکە کە خاوەن مۆزەخانەیەکی کەلەپووری و فۆلکۆرین کە لە شێوەی شارێکی گەورە و دێرین دایە و تەواوی فۆلکلۆر و کەلەپوور و ژیانی کۆنی خەڵکی کۆریای لە هەموو شارەکان تێدا کۆ کراوەتەوە و پارێزراوە و بە هەموو شێوازەکانی ( فۆتۆ ، ڤیدیۆ ، نوسین و پۆستەر ، پەیکەر ، نمایشی زیندوو بۆ نیشاندانی ژیانی ئابووری وکۆمەلایەتی و سیاسی و هونەری ) کەلەپووری نەتەوەکەیان نیشاندەدەن هەروەها چەندین پەرستگا و پەیکەری بودا و مەراسیمی دینی و ٣٠٠ خانووی کۆنی کۆری تێدا دروست کراوە کە بە هەموو کەلوپەلەکانیان و تێدا وێنای هەموو چین و توێژەکان و کۆمەلگای کۆری نیشاندەدات و بە هەموو شێوە و شێوازەکانی ، وەزارەتی گەشت و گوزاریش هەر لە باخچەی ساوایانەوە تا قۆناغەکانی تری خوێندن، بەردەوام گەشت بۆ قوتابییەکان رێك دەخات بۆ سەردانی ئەو مۆزەخانەیە و بە پیرۆز ترین شوێنی خۆیان ناوی دەبەن.





ئەوەی زۆر تر لەو وڵاتە سەرنج رادەکێشێت مۆنیمێنتێکی گەورەی نیشتیمانیانە بە ناوی ئازادی و پێك دێت لە چەندان هۆڵ و پەیکەری گەورەی هونەری ، تێیدا جەور و ستەمی یابانیەکان لە داگیرکاری وولاتەکەیان ١٩١٠ بۆ ١٩٤٥ بە هەموو شێوازێکی خراوەتە روو ، لە وێ گوێت لە سروودی نیشتیمانی دەبێت ،بە وێنە ونوسین و دیمەنی ڤیدیۆیی و دیکۆمێنتەکان رەت دەبیت تا چەندان پەیکەری گەورە و بچوك و دروست کردنەوەی هەمان واقیعی سوتماك کردنی گەلەکەیان ، هەستی شۆرشگێری نەتەوەکەیان دەخەنە روو .

هەروەها پەرستگای گەورەی بودا ( سبۆرام کەیم ) و شاری بودا و تاوەری سیئۆڵ( نامسان) شاخی (هالاسان ) و بازاری فۆلکلۆری و هۆڵی هونەری (هوام ) و پەیمانگای مۆزیکی کلاسیك و ..هتد لە نمونە جوانەکانی ئەو وولاتەن .

## کورد لە وڵاتی کۆریا :

تەنها گرفتیك کە دێتە بەر میوانەکانی ئەو وولاتە خواردنە چونکە کۆریەکان خاوەنی چەندین جۆرە خواردنی تایبەت بە خۆیانن، لە شاری سیئۆڵ چێشتخانەیەك هەیە بە ناوی مەرهەبا کە خواردنی تورکی ئامادە دەکا شاگردەکانی ئەو چێشتخانەیە کوردن و خەڵکی کوردستانی باکورن ، رێژەی کورد لە کۆریادا کەمە بەڵام لە رێکەوتێکدا کەسێك کە ئاڵای کوردستانی پێمانەوە بینی باوەشی پێدا کردین ، ئەو ناوی ئیسماعیل مێرچەم بوو لە دایك بووی خانەقین ١٣ ساڵ بوو لەو وولاتە بوو زۆر بە بە باشی فێری زمانی کۆری بوبوو خێزانی هەر لە کۆریا پێکەوە ناوە و ئێستا لە کۆمپانیایەك کار دەکات کەسێکی وەوریا و نیزیك لە دەسەلاتی کۆریا بوو ، دوای دیمانەیەکم لێ کرد بە خۆشحاڵیەوە لە ناو باخچەیەکی شاری سیئۆل لەگەڵما دانیشت هەر لە لەسەرەتاوە خەمێکی قوڵ لە چاوانی دەبینرا ئەو ووتی : لە ساڵی ١٩٩٤ رۆیشتمە وولاتی ئوردن ، لە وێ بە رێکەوت داوای فیزەم لە سەفارەتی ئەو وولاتە کرد بە موعجیزەیەك وەرگیرام چونکە کۆریا فیزە ناداتە کەس ، دوای گەیشتم بۆ ماوەی ٤ ساڵ گرفتی زۆرم هەبوو بەڵام ئێستا زۆر ئاسودەم چونکە خەڵکی کۆریا ، کەسانێکی بەرێز و بە رەوشتن ،خێزانی و پەیوەندی سوزیان زۆر لە کۆمەڵی کوردی دەچێت ، لێرە دەسەلات خزمەتی خەڵك دەکا وئازادیەکی باش هەیە و بواری کار کردن فراوانە پێویستە هەموو کەسێك لەو وولاتە کار بکات، چونکە دەوڵەت هیچ پارەیەك نادات لێرە حزبایەتی و مەسئول و خزم خزمێنە نیە، بەڵکو هەموو شتێك شەهادەو بروانامەیە ، پێویستیشە پشت بە خۆت بەستیت ، لە ووتەیەکی تردا ووتی من رۆڵێکی گەورەم گێراوە کە کۆریەکان بێنە کوردستان و لە دەسەلاتی کۆریا نیزیکم بەڵام پێی وابوو هێشتا رای کۆریا لەسەر کورد باش نیە بەڵام زۆر تەکیدی دەکردوە کە پێویستە سوود لە ئەزموون و عەقڵی وولاتی کۆریا وەربگرین .





## خۆبەخشی :

لە شەوێکدا هاتینە دەر، دەنگی کلارنێتێك بە ژەنینێکی سحراوی ئێمەی پەل کێش کرد بەلای خۆیدا لەژێر پردێك گەنجێکی جوان تێکەڵی تاریکی بوبو کلارنێتی لێ دەدا و لە چوار دەورە گەنجانی کوڕ و کچی عاشق لە باوەشی یەکا بوون ئێمە واماں زانی ئەو گەنجە لەو شەوە درەنگەدا بە پارە مۆزیك دەژەنێت، بۆیە برێك پارەمان بە دیاری بۆ برد ئەو بە پێکەنینێکەوە بە وەرگێرەکەی ووتین من خۆبەخشم بەو شەوە درەنگە هاتووم مۆزیك بۆ عاشقان لێ دەدەم تا عاشقانیش لێرە بن بۆ مۆزیکیان بۆ دەژەنم.

بەم شێوەیە هەستی خۆبەخشی و گیانی خۆبەخشی تێکەڵی روحی کۆریەکان بووە، بۆیە ئەوان خۆیان جوانی وولاَتەکەیان دەپارێزن و بە خۆبەخشی گەڵێ خزمەتی وولاَتەکەیان دەکەن .



